ڕۆژی گەل

OCT-21-2007-NO:196

# کێشەی کورد دوێنێ و ئەمڕۆ، مادەی 140ی دەستوور چی لێدێ؟

# ئایا کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان دەگەڕێتەوە؟!

## بەشی سێیەم

دوودەوڵەتەکەی تریش، ئێران و تورکیا کەبەشێکی گەورەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لەمان باشترنین، هەرچی دەوڵەتی ئێرانە لە پێنج نەتەوەی عەرەب، کورد، ئازەر، بلوچ، فارس پێکهاتووە، مەلاکان لە ئێران لەگەڵ ئەوەی کۆمارێکی ئیسلامی بەڕێوەدەبەن و پەیڕەوی مەزەبی شیعە دەکەن، کەچی بەکردار سیاسەتی پان ئێرانیزمی حەمەرەزا پەهلەوی پیادە دەکەن و دەیانەوێ هەموو هاوڵاتییەک خۆی بە ئێرانی و موسڵمان بزانێ و باسی کێشەی نەتەوەیی نەکات کە سەرئێشەیە بۆ ئەوان، بەپێچەوانەوە پەلاماری دەدەن و چییان لەدەست بێت بەرامبەری دەیکەن، بەڵگەی ئەم ڕاستییە پەلاماردان و ڕوخاندنی کۆماری مەهاباد بوو کە 22 ی کانوونی دووەمی 1946 دامەزرا و یازدە مانگ لەسەر قاچی خۆی وەستا.

لە تورکیاش لەسەردەمی ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و سەرهەڵدانی بیری شۆڤینی و نەتەوە پەرستی کەمالیستەکانەوە، حکومەتی تورکیا چی لەدەستهاتبی لە قەتڵوعامکردنی کورد، ڕاگوێزان و دەرپەڕاندنی دەیانهەزار کورد لە شوینی خۆیان، کردوویانەو بەمەیش نەوەستاونەتەوە و کوردیان بە تورکی شاخاوی ناساندووە بە میللەتەکەی خۆیان و منداڵی شیرەخۆرەو سەربێشکەشیان وەها پەروەردە کردووە کە لە ڕەگەزی تورک بەولاوە هیچ ڕەگەزێکی تر نییە لەسەر خاکی تورکیا، بۆیە ئەوان (گەل و حکومەت و سوپا) دژی کوردن و وازووش دەستهەڵناگرن! جگەلەمانە تورکەکان لەساڵی 1915 دا قەسابخانەیەکیان بۆ ئەرمەنەکان دانا و ملیۆنێک زیاتر ئەرمەنیان سەربڕی و پەڵەیەکی ڕەشی پیسیان نا بەتەوێڵی خۆیانەوە کە ئێستایش پاش 90 ساڵ بیرنەچۆتەوە و ناوبەناو سەر هەڵدەداتەوە لە ئەوروپا، بەتایبەتی لە فەرەنسا.

لەلایەکیترەوە تورکیا جێگایەکی ستراتیژی گرنگی هەیە و ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاس و روسیا و ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سپی ناوەڕاست بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، خۆیشی لەمێژەوە ئەندامی پەیمانی ناتۆیە و بنکەی سەربازی ئەمەریکا لە ئەنجەرلیک و زۆر شوێنی تری تورکیا هەیە و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بازرگانی ، ئابووری لەگەڵ ئەمەریکاو ئیسرائیلدا هەیە و لە ڕۆژانی شەڕی ساردا هاوکاری زۆری ئەمەریکای کردووە و ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە ناوچەکەدا دژی سۆڤیەتی جاران و.....تاد لەبەر ئەم هۆیانە دەبینین بەژەوەندی ئەمان و ئەمەریکا لەسەروو بەرژەوەندییەکانی کورد و هەندی وڵاتی ترەوەیە و بایەخێکی تایبەتی هەیە .

تورکەکان لەمێژەوە دژایەتی کورد و کێشەکەی دەکەن و لەهەرجارێکدا گۆڕانێک بەڕێوەبێت کە خێری کوردی تێدابێت ئیتر لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێ یان ( ئیقلیمی ، نێودەوڵەتی ) ، خێرا کێچ دەکەوێتە کەوڵیان و نارەزایی و نیگەرانی خۆیان پیشاندەدەن و شاندی خۆیان دەنێرنە بەغدا و کارەکان دەشێوێنن ، وەزیری دەرەوەیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران ، سوریا ، جارانی عێراق هەمیشە لە پەیوەندی چڕوپڕو بەردەوامدابوون و ڕاوێژی بەردەوامیان بەیەک دەکرد دژی هەموو دەستکەوتێک بۆ کورد و چییان لەدەستهاتبێ لێی نەوەستاون و ئێستایش چاویان هەڵنایێ بەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان و هەمیشە لەهەوڵی تێکدانیدان ، هەرئەمانبوون چاویان سوورکردەوە لە سوریا و هەڕەشەی هێرشی سەربازییان کرد ، ئەگەر بێتو عەبدوڵڵە ئۆجئالان دەرنەپەڕێنێ لەسەر خاکەکەی کە پیلانێکی سی ئای ئەی ، میت و موساد بوو ، کار گەیشتە ئەوەی حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر ناوبژی بکات و قەناعەت بە حافز ئەلئەسەد ی سەرۆکی سوریا بهێنێ کە عەبدوڵڵە ئۆجئالان دوور بخاتەوە لە سوریا ، پاش دەرپەڕاندنی ، بە پیلانێکی تر دەستگیریان کردو بردیانەوە بۆ تورکیا .

تورکیاو ئێرانیش بەحوکمی پەیوەندییە ئابووری و دیپلۆماسی و بازرکانییەکانیان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بە ئاسانی دەستیان دەگاتە زلهێزەکان و لە هەمووکاتێکدا وەکوو دەوڵەتە عەرەبییەکان فشار دەخەنەسەریان و نایانەوێ کورد ببێتە دەوڵەت ، دیارە زلهێزەکانیش ، بەتایبەتی ئەمەریکا ، چەند دۆست و پاڵپشتی کورد بێت کەچی لەوە زیاتر ئیلتیزامی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و نایەوێ لەبەرخاتری چاوی کاڵی کورد دنیا لەخۆی بوروژێنێ ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کورد زیاتریان پێیە پێشکەشی ئەمەریکای بکەن و خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەوی پێبکەن . ڕەنگە ئەم بۆچوونانە ڕێژەیی ( نسبی ) بێت و لە هەلومەرجێکی تردا ئەگەر بەرژەوەندییەکانی کوردو ئەمەریکا جووتببوون و گەیشتنە ئاستێکی ستراتیژی وەکوو وڵاتانی تری ناوچەکە ئەوا بێگومان شتەکانیش وەکوو خۆیان نامێننەوە و گۆڕانی بەسەردا دیت .

لەناو دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سعودیە و میسر و ئەردەن ڕۆڵێکی سێکوچکەیی دەگێڕن لە ڕێکخستنی گوتاری سیاسی عەرەبیدا بەسەرکردایەتی سعودییەکان ، هەروەها پاراستن و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمەریکادا سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچەکە لەهەریەک لە عێراق و ئێران و فەلەستین و لوبنان ، ئەمانە بە گشتی دیپلۆماسیەتی دووفاق ، دووسەر و دوڕوو پیادەدەکەن کە یەکێکیان دۆستایەتییە لەگەڵ ئەمەریکادا و ئەویتریان پێچەوانەیە و خەریکی ریزکردنی کۆسپن بۆ ئەو و هەرچی ئەو حەزی پێنەکا ئەوان لە پشتەوە دەیکەن لەدژی ، وەکو دەستخستنە کاروباری ناوخۆی ئەو سێ دەوڵەتەی سەرەوە بە خشکەیی و لە ژێرەوە ، کە لەباسی فاکتەری عێراقیدا دێمەوە سەری و باسی لێوەدەکەم .

ئەمڕۆ ئەمەریکا پێی ناوەتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پاشئەوەی ڕژێمەکانی تالیبان وسەددامی لەناوبرد و زوو بانگەشەی شەڕی دژەتیرۆرو بنیاتنانی ڕژێمێکی دیموکراتی کرد لە ئەفغانستان و عێراقدا ، هەروەها پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە کە بە حساب عێراق دەبێتە جێپێگەی ئەوان . ئەم سیاسەتە نوێیەی ئەمەریکا بۆ وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی خەلیجییەکان وەکوو بوومەلەرزەیەک وابوو ( کە من نامەوێ زۆر لەسەری بڕۆم چونکە بابەتەکەمان شتێکیترە ) و هەرهەموویان کەوتنە خۆیان و دەستیانکرد بە پەیوەندی و بیروڕاگۆڕینەوە لەم بارەیەوە ، کارگەیشتە ئەوەی دەلاقەی گەورە گەورە بکەنە پرۆژەکەی ئەمەریکاوە و زۆرشتی ئەو تێکبدەن و دوایبخەن یاخود ڕایگرن ، بەتایبەتی مەسەلەی بەرقەراربوونی ئاشتی لە عێراقدا . بێگومان کێشەی کوردیش بەشێکی گرنگی ئەو سیناریۆیەیە کە دەوڵەتانی ناوبراو بەبایەخەوە حسابی بۆدەکەن بە تایبەتی ئەوان عێراق بە وڵاتی ئیسلام و عەرەب لە قەڵەمدەدەن ، خاکەکەیشی بەبەشێک لەخاکی هەموو نەتەوەی عەرەب دەزانن .

فاکتەری عێراقی شانبەشانی سێ فاکتەرەکەی تر گرنگی خۆی هەیە لە ئالۆزکردن و شێواندنی کێشە ڕەواکەی ئێمە لەناوەوەی عێراق ، هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ لە دایکبوونی عێراق بە شیوەیەکی شێواو کە کۆمەڵێ کێشەی ئەتنی ، تایفی ، مەزەبی لەگەڵ خۆی هێناوەو هیچیان لەویتریان ناچێت .

بێگومان عێراق لە پێش داگیرکردنی ساڵی 1914 وە لە سێ ولایەت پێکهاتبوو ( بەسرە ، بەغدا ، موسل ) شتێک نەبوو ناوی عێراق بێت ، ئینگلیزەکان هاتن بەزۆری هێزو خوێنڕشتن هەر سێ ولایەتەکەیان پێکەوە گرێدا و عێراقی ئەمڕۆیان لێدروستکرد بەبێئەوەی پرس بە دانیشتوانەکەی بکەن و کەسێکی سوننەیان لە خێزانی هاشمی لەدەرەوەی وڵات هێنا و تاجی شاهانەیان لەسەرسەری دانا و کردیان بە پادشای عێراق و دەسەڵاتیان دایە دەست سوننە کە کەمینەبوون و شیعەو کوردیان پەراوێزکرد وەکوو تۆڵەسەندنەوە و ماوەی 83 ساڵ حوکم لە دەستی ئەواندابوو لە عێراقدا کەبەحوکمی پۆلیس و سوپاو دیکتاتۆرەکان ناوزەد دەکرێت و هەرچی لەدەستیانهات لەدژی خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانیترەوە کردیان بۆ خزمەتکردنی پرۆژەکانی خۆیان و ئینگلیز .

ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت ، حکومەتی عێراق لە ساڵی 1921 - 1958 وە کەبەسەردەمی پاشایەتی ناودەبرێت چی لەدەستهات بەرامبەر بە کورد لە درۆ و ساختەو دەستبڕین و فریودان کردی ، بەمەیش نەوەستایەوە ، پەنای بردە بەر هێزی سوپا بۆ پەلاماردانی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود ، هەروەها ڕاپەڕین و شۆڕشی بارزانییەکان ( 1931 – 1932 )( 1943- 1945 ) لە ناوچەی بارزان .

سەردەمی حوکمی کۆمارییش لە عێراقدا 1958 – 2003 لەوەی پێش خۆیان باشتر نەبوو ، دەسەڵات هەمووی لەدەستی ژەنەڕاڵەکانی سوپادا کۆبووبۆوە کە لەدوایین جاردا کەوتە دەستی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و ماوەی 35 ساڵ سیاسەتی تۆتالیتار و فاشیانەیان پیادە کرد و هەر خەریکی قەتڵوعام و لەناوبردنی خەڵکی بوون . ئەمانە بەهۆی ئەوەی ڕژێمێکی شموولی بوون ، کەسیتریان قەبوڵ نەبوو لە عێراق و کوردستاندا ، ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ونکردنی فەیلییەکان و بارزانییەکان و کوشتن و لەناوبردنی شیعە لەناوەڕاست و خوارووی عێراق چەند نموونەیەکی زیندوون .

بەدرێژایی حوکمی سەردەمی کۆماریی کە 45 ساڵی خایاند ، ڕێکەوتننامەی 11 ی مارت ی 1970 باشترین دەستکەوتی سیاسی بوو بۆ کورد کە چوارساڵ ئاشتی بەرقەرار کرد لە کوردستاندا و دواتر هەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەعس خۆیەوە پووچەڵ کرایەوە و بەپەلاماری ئەوان بۆسەر کوردستان کۆتایی هات .

لەدوای جەنگی ئێران و عێراق 1980 – 1988 و پەلاماردانی کوێت و داگیرکردنی لەساڵی 1990 دا ، گۆڕانکارییەکی سیاسی گەورە لە عێراقدا ڕوویدا کە بە تێکشکانی سوپای عێراق لە کوێت و دواجار کشانەوەیان لەوێ کۆتایی پێ هات و دواتریش ناوچەی دژەفڕین لەکوردستاندا سەپێنرا بەسەر ڕژێمی بەغدادا و سەدامیان سووکوچرووک کرد و چۆنیان ویست وەها مامەڵەیانکرد .

گەورەترین وەرچەرخانی مێژوویی لەعێراقدا لە ڕۆژی دروستبونییەوە ( 1921 ) ، هێرشەکەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بوو بۆسەر بەغدا لە ڕۆژی 2003/04/9 دا ، کە بەڕووخانی ڕژێمی بەغداو بەعس کۆتاییهات و پاش 83 ساڵ ، عێراق هەڵوەشایەوە و کەوتە بەردەمی قۆناخێکی سیاسی نوێ ، دەستوور و یاساکانی بەعس و دامەزراوە گرنگەکانی ، وەکوو وەزارەتی ناوخۆ ، بەرگری ، ڕاگەیاندن ، هەروەها ئەمن و ئیستخبارات هەڵوەشانەوە و نرخیان نەما ، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق ، شیعە ، سوننە ، کورد و کەمایەتییەکانی تر لە مشتومڕی ئەوەدابوون چۆن عێراق بنیات بنێنەوە چونکە هەڵتەکاندنی ڕژێمی بەغدا بۆشاییەکی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، ئەمنی گەورەی لە دوای خۆی جێهێشت کە هەتا ئێستایش عێراق پێوەی دەناڵێنێ .

هەولوتەقەلاکان و کارەکانی مەجلیسی حوکم بە سەرۆکایەتی پۆل برێمەر و مشتومڕو چاوسوورکردنەوەو سەرپێکەوەنان و و هەڕەشەو گوڕەشە و دەستێوەردانی ئەملاو ئەولا ، زیاتر لە دووساڵی خایاند تا دوایین جار لە ڕۆژی 2005/12/15 دا هەڵبژاردن کرا بۆ پەرلەمانی عێراق و بۆ یەکەمجار لەمێژووی عێراقدا شیعەکان زۆرینەی دەنگەکانیان هێنا و دەسەڵات کەوتەدەستیان و ئیتر لەو ڕۆژەوە سوننەی عێراق ، بەتایبەتی ئیسلامی توندڕەو و نەتەوە پەرستە شۆڤێنیستەکان ، هاواریان لێهەڵساوە و بە پشتیوانی دەوڵەتانی عەرەب و هاوکاریی ئەوان هەموو شتێک ڕەتدەکەنەوە کەلەگەڵ بیرکردنەوەیاندا جووت نەبێت و بەرژەوەندی خۆیانی تیانەبێت ، کە باسیش دێتە سەر کێشەی کورد و مەسەلەچارەنووسسازەکان ، ئەوا ڕاستەوخۆ توومەتی جیابوونەوەخوازی و دابەشکردن و لەتوپەتکردنی عێراق دەدەنە پاڵ کورد و ، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیش تاوانباردەکەن بە داگیرکەر و داوای چوونەدەرەوەیان لێدەکەن .

سوننەکان تیاچوونی سەددام و ڕژێمەکەی بە تیاچوونی خۆیان لەقەڵەم دەدەن چونکە دەزانن جارێکیتر لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە ناتوانن دەسەڵات بگرنەوە دەست ، مەگەر ( وەکوو خۆیان خەونی پێوە دەبینن ) بەدەرپەڕاندنی ئەمەریکاو دواتریش بەناوی ئیسلام و عروبەوە ، بە پەنابردنە بەر سوپاو کۆدەتای سەربازی ، لەڕێگەی قەتڵوعامکردنی خەڵکییەوە جارێکیتر دەسەڵات بگرنەوە دەست لە عێراقدا . هەر ئەم بیرکردنەوانەیە کە ئەوانی والێکردووە پەنا بۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ، ئیسلامە توندڕەوەکان ، پاشماوەکانی سەددام بەرن و بە یارمەتی خەلیجییەکان ، لەپێش هەموویانەوە سعوودیە ، کە( بیلبیلەی ئاژاوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ) ، شەڕێکی ناوخۆ بەرپابکەن کە ئەوسەری دیارنەبێ و کارێکی وایان کردووە ڕۆژانە کاری خۆکوژی و تەقاندنەوە و سەربڕینی بەکۆمەڵ دیاری ئەوان بێت بۆ گەلی عێراق .

ناکۆکی و ململانییە خوێناوییەکانی نێوان شیعەو سوننە کە چەند سەدەیەکی خایاندووە ، بە شێوازی دەستووری چارەسەرناکرێت ، بە تایبەتی کە ئێستا شێوەی ئیقلیمیشی بەخۆوە گرتووە ، لەلایەک دەوڵەتە عەرەبییەکان بەسەرکردایرتی سعوودیە پێیان وایە عێراق دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامییە ، واخەریکە ( بەهاوکاری شیعەکان ) دەکەوێتە باوەشی ئێرانەوە و پێویستە ڕێی لێبگیرێ و سنوورێکی بۆدابنرێ ، بۆ ئەم مەبەستە چی پێویستە بۆ هاوکاری و یارمەتی سوننەکان لە پشتەوە دەیکەن بۆئەوەی کۆسپ بۆ حکوومەتی بەغدا درووست بکەن ، لەهەمانکاتدا فشار دەخەنە سەر ئەمەریکا بەحوکمی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانیان بۆئەوەی ڕایبکێشن بۆ سازشکردن لەگەڵ گرووپ و تاقمەکانی پاشماوەی سەددام ، بەڵکو ئەمە خوایە بەرەکە لە ژێر پێی شیعەکان دەرکێشنە دەرەوە و دەسەڵاتیان لێبسێننەوە!! ، لەلایاکی ترەوە ئێران وەکوو زلهێزێکی ناوچەکە لەمێژەوە خەریکی تەنگەتاوکردنی ئەمەریکایە و هەرجارە لەڕێگای میلیشیاو خەڵکانی سەربەخۆی لە وڵاتانی عێراق ، لوبنان ، فەلەستین دەلاقەیەک دەکاتە سیاسەتی ئەمەریکاوە و کۆسپی زۆری بۆ ڕیزدەکات و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە ئەمەریکا دەڵێ : ئەگەر بەرژەوەندییەکانی من لە عێراق و ناوچەکە لەبەرچاونەگری ، ئەوا بەلایەنی کەمەوە لێتی تێکدەدەم و ڕێگانادەم ئاشتی بەرقەرار بێت لە عێراق و ناوچەکەدا ، لەپاڵ ئەمەدا هەڵپەدەکات پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی خەلیج و عەرەب چاک وبەهێز بکات بە بیانووی ئەوەی عێراق داگیرکراوە و دەبێ ئەمەریکا بڕواتە دەرەوە لە ناوچەکە چونکە مانەوەی ئەو هەڕەشەیە بۆسەر هەموان ، جگەلەمانە باسی بەرژەوەندی هاوبەش و سەروەری ئەو وڵاتانە دەکات کە نابێ ئەمەریکا دەست وەربداتە کاروبارییانەوە .

**عارف کەریم- ستۆکهۆلم**

# پێشبڕکێی چەک و ئەگەری شەڕی 2008

ستراتیژی ئیمپریالیزمی جیهانی هەمیشە لەسەر نەخشەیەکی داڕێژراوی نەگۆڕ دەڕوات کە لایەنی کەم ڕەسمی چارەکە سەدەیەکی داهاتووی تێدایە. ئەگەر زیاتر نەبێ. کاتێ کە ساڵانی ململانێی جەنگی ساردی نێوان یەکێتی سۆڤیەت بەناو سۆشیالیست و ئەمریکای کاپیتالیزم بەرەو کۆتایی چوو، ئەمریکیەکان وایان زانی کە سەرکەوتنی یەکجارەکیان بەدەست هێناوەو چیتر هەموو کێشەکانی دنیا یەک لایەنەو بە خواستی ئەمان چارەسەر دەکرێن. لە ڕوانگەی ئەو بیرکردنەوەوە ئەوەیان ئاشکرا کرد بۆ دۆستەکانیان کە لەمەودوا هاوپەیمان لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی دیکە ناکەن بەمانای هاوبەشی (شەریکی) بەڵکو دەبێ هەرچی ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتانەی کە هاوپەیمانی ئەمانن بە وردی فەرمان و ڕێنماییەکانی کۆشی سپی جێ بەجێ بکەن لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە سەربەخۆ خوازەکانی دنیا. وە دەبێ لە سیاسەتی دەرەوەیاندا هیچ زیانێکیان بۆ کیانی ئیسرائیل نەبێ. جگە لەوانەش دەبێ ئابوریەکی ئازادیان هەبێ و کۆمپانیا ئەجنەبیەکان بە تایبەت ئەمریکیەکان ڕۆڵ ببینن لە دەرهێنانی نەوت و گەشەپێدانی ئابوری ئەو وڵاتانە. ڕێکخستنی (سادات) و (بێگن) لە (کامب دێڤد) دا هەنگاوی یەکەم بوو بۆ هێورکردنەوەو پشودانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەک و بۆ پچڕ پچڕکردنی دەنگی عەرەب و ئیسلام لەبەرامبەر مەسەلەی فەلەستین لەلایەکی دیکەوە. هەروەها بۆ کەم کردنەوەی نفوزی سۆڤێتیەکان لەناو عەرەبەکان و مەجبورکردنیان بۆ هاتوچۆی واشنتۆن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان. لەدوای نزیکەی 10ساڵ و دوای سەرنەکەوتنی لە هەنگاوی یەکەم، بەتایبەتیش دوای دروست بوونی یەکێتی نێوان هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبەکان وەکو (سوریا،عێراق،لیبیا) و مەیلی هەندێکی دیکەیان بۆ ئەو یەکێتیە، هەروەها بەهێزبونی شای ئێران و خۆ دەرخستنی وەکو هێزێکی ناوچەکە، ئەمریکای تا ڕادەیەک نیگەران کرد بۆیە بڕیاری دا ( ئسطول) ی پێنجەم بهێنێ لە کەنداو جێگیری بکات، سەرەتاش بەناوی دیموکراتی و بەزمانی نەرم لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە قسەی کرد، بەڵام دواتر زمانی هەڕەشەی بەکارهێنا. ئەم هەنگاوەی لەوێوە دەستی پێ کرد کە بەبەرچاوی عەرەبەکانەوە ویستی نینۆکەکانی شای ئێرانی هاوپەیمانی ببڕێ و بێ نینۆک دەسەڵاتێکی لیبرای پێ دروست بکات لە ئێران. کە ئەم بۆخۆی هەڕەشەیەکی زۆر جدی بوو بۆ گیانی عەرەبەکان. بە پێی ئەو بەرنامەیەی ئەمریکاش جموجۆڵ و نارەزایی و خۆپیشاندان لە ئێران دەستی پێ کرد. لەناو ئەوانە (حزبی مجاهدین و چەپەکان و شیعەکان) ڕۆڵیان دیار بوو. سەرەتا هەرچەندە شیعەکان ڕۆڵیان کەم بوو بەڵام دواتر لەناکاو ڕەوشەکە گۆڕاو لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکاش دەرچوو بەشێوەیەک کە پێشتر حسابیان بۆ نەکردبوو. لەناو هێزو کەسایەتیە ئۆپۆزسیۆنەکاندا (ئیمام خومەینی) توانی کلیلی مەسەلەکە بەدەستەوە بگرێ و وەکو ڕابەرێکی ئاینی مەزن دەرکەوت. بەمەش ئەمریکا شپرزە بوو بە تایبەتیش کە ڕووخانی شای بەدواهات و (خومەینی) ئیدارەی هەموو هێزە ئیسلامی و نەتەوەییەکانی گرتەدەست و بە عەرەبەکانیشی وت ئەگەر ئێوە دژایەتی ئێمە نەکەن ئەوا ئێمە لە پێشتانەوە ئەبین بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین.

ئەم جۆرە قسەکردنە سۆزی هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبی و حزبە سیاسیە عەرەبیەکانی وروژاند، بەرەو لای ئێران کەواتە ئەمریکا لە دوو لاوە زیانی لێ کەوت لەلایەک بنکەیەکی ئەمریکی بەهێزی لەکیس چوو، لەلایەکی دیکە هەر شوێنی ئەو بنکەیە بوو بە شوێنی سەرهەڵدانی دژایەتی و ململانێی بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکە. ئیدارەی ئەمریکا ناچار بوو کە هەنگاوی سێ یەم هەڵبێنن بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو تەنگەشەیەو، پەراوێزکردن یان ڕوخانی ئەو ڕژێمە نوێیەی ئێران، بۆ ئەمەشیان (سادات) یان ئازادکرد بەوەی کەوا خۆی نیشان بدات کە لەگەڵ ئیسرائیل تێک چووەو تافی شۆڕشگێڕی بەسەر مەسەلەی فەلەستین و نەتەوەی عەرەبەوە هەڵبدا هەتا دیسانەوە عەرەبەکان ڕێک بخاتەوەو بەرەولای ئەمریکا ڕایان کێشێ، لە ڕاستیشدا توانیان هەندێک لەو بەرنامانە جێ بەجێ بکەن و یەکێتیەکەی نێوان عێراق و سوریایان تێک شکاند وکردیانن بە دوژمنی یەکترو دواتر بەناوی ئیسلام و عەرەبەوە عێراقیان کرد بە گژی ئێراندا، بەڵام دوای (8ساڵ)ی جەنگ ئێران نەک هەر نەڕوخا بەڵکو لەناوخۆو دەرەوەشدا پێگەی بەهێزتر بوو. لەبەرئەوە بیریان لەوەکردەوە ئەبێ بنکە سەربازی و ئامادەبوونە سەربازیەکانی ئەمریکا لە سنورەکانی ئێران زۆر نزیک بخرێنەوە هەتا لە کاتی پێویستدا کت و پڕ دەستی لێ بوەشێنێ، ئەوە بوو سیناریۆی جەنگی کوێتیان داڕشت و بەو بۆنەیەوە سەدان هەزار سەربازی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هاتنە ناوچەکە. ئێستا ناوچەکە زۆر ئاڵۆزە لە ڕوی سیاسی و سەربازیەوە، ئەمریکاش لە تەنگەژەدایە بە تایبەت کە نەیتوانی سەرکەوتن لە عێراق بەدەست بهێنێ و ئەو حکومەتەی ئەم دەیەوێ دروستی بکات، ئینجا دەیەوێ ئەو شەڕەی کە لەسەرجەم قۆناغەکانی ڕابردوو نەیتوانی حەسمی بکات بەرامبەر ئێران لە چوارەم هەنگاویدا خۆی و ئیسرائیل بیکەن، کە بەڕای زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان ئەگەری ئەوە هەیە لەساڵی 2008 پێی هەستێ . بەڵام ئەمریکا دەبێ ئەوە بەبیرخۆی بێنێتەوە، هەتا ئەم جارە بەتەواوی تێک نەشکێ کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردودا کۆمەڵێ هێزی جیهان خۆیان ڕێک و تەیار کردۆتەوەو ئێستا تارادەیەکی باش بێ ترس و بێ منەتن لێی. یەکێک لەو هێزانە (ئێران)ە کە بە پاڵپشتی و هاوکاری چین و ڕوسیا خەریکە دەبێتە جەمسەرێکی سەربازی و ئابوری ناوچەکە. (ڕوسیاو چین) کە لەبنەڕەتدا لەسەر کۆمەڵێ مەسەلەی ئایدۆلۆژی و سەربازی و ئابوری لەگەڵ ئەمریکا ناکۆکن و چەندەها ئۆپەراسیۆنی سەربازیان پێکەوە ئەنجام داوە پشتگیری و ڕێنمایی ئێران دەکەن بۆ بەدەست هێنانی (وزەی ئەتۆم) کە ئێستا هەستیارترین مەسەلەی سیاسی دنیاو ناوچەکەیە. ڕوسیا ئێستا ڕەوشی ئابوری و سەربازی لەچاو ساڵانی پێشتر زۆر باش بووە و هێزە موشەکی و ئاسمانی و بەرگریەکانی چاک کردۆتەوە، لەڕوی ئابوریشەوە هەنگاوی باشی ناوە، تەنها لەماوەی دەسەڵاتی (پۆتندا) نزیکەی (200) ملیار دۆلاری پاشەکەوت کردووە.

(چین) یش کە ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە گەورەترین هێزی ئابوری و سەربازی بەدەستەوەیەو هەرچی ئێرانیشە توانیویەتی لەناو ئەو هاوکێشەیەدا جێگای خۆی بکاتەوە و بەهێمنی درێژە بەکارەکانی خۆی دەدا بێ گوێدان بە هیچ بەیت و باڵۆرەیەک.

ئێرانیەکان بە تایبەت ڕەوتی (خامەنەئی) پێیان وایە ئەمە باشترین هەلە بەدەستیانەوە بۆ سەرکەوتن لە ناوچەکە بە تایبەت کە پاسدارێکی وەکو (ئەحمەدی نەژاد) سەرۆکی ئێران بێت، ئەگەر ئەم جارە نەتوانن (شارستانی فارس) ببوژێننەوە ڕەنگە هەرگیز پێیان نەکرێ. لەبەرامبەر ئەوانەشدا ئەمریکاش هەر خەریکی پرچەک کردنی ناوچەکەو خۆ ئامادەکردنە بۆ ڕوبەڕوبونەوەیەک کە دوارۆژەکانی زۆر تەماوی و نادیارن. ئاماژەکان زۆریان دەڵێن ساڵی 2008 ساڵی یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەیە دەبێ، بەڵام شێوەکەی چۆن دەبێ؟ ئەوە هێشتا ماوە، دەڵێ ڕەنگە ئەمریکا سودی زۆر لە ئەزمونی ئەفغانستان و عێراق ببینێ و شێوەیەکی نوێی جەنگ دابهێنێ بەتایبەت کە دەزانێ ئەمجارەیان بەرامبەرەکەی زۆر تۆکمەیە لە ناوخۆ و دەرەوە. تەنها چارەسەر کە تارمایی ئەو شەڕە بگێڕێتەوە گەڕانەوەیە بۆ مەنتیق و عەقڵ و سەرخستنی هەوڵە دبلۆمەسیەکان، ڕەنگە مەسەلەی هەڵبژاردنەکەنی ئەمریکا و زاڵ بونی باڵی ڕیفۆرم خوازەکانی ئێرانیش شتێ لەمەسەلەکە بگۆڕن ئەگینا پێچەوانەی ئەوانەوە دوکەڵی شەڕ ناوچەکە دەخنکێنێ.

**نەوزاد حسێن محەمەد**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com